دەوڵەتێکی ئاوا دەوڵەتێک دەبێت لە هەموو لایەکەوە تەوقدراو چونکە بەسەر هیچ دەریایەکدا ناڕوانێت و منیش ئەوەی بە بیرمدا بێت و ئەمەش تەنیا کوردەکانی عیراق دەگرێتەوە و قسە لەسەر کوردەکانی دیکە نییە، کوردەکانی عیراق هەرگیز دروشمی جیابوونەوەیان هەڵنەگرتبوو و تەنیا داوای بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیانیان دەکرد. من لەو بڕوایەدام ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دان بە مافی خودموختاریی کوردەکاندا بنرایە و ڕێیان بدایە کوردەکان بە خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا حوکمی خۆیان بکەن، هەم بۆ کوردەکان بەکەڵک بوو هەم بۆ عەرەبەکانیش و دەبوو بە یەکێتییەک لەنێوانیاندا..."

پەروین: "ئەمە ڕای ئێوەیە!"

شاکر: "بەڵێ بڕوام وایە، چونکە ئێستا پێوەندییەکی ئابووری زۆر بەهێز لەنێوان ناوچە کوردی و عەرەبییەکەی عیراقدا هەیە و پێویستیان بە یەکتر هەیە. ناوچە کوردییەکەش ناوچەیەکی داخراوە و ئەگەر ڕێچارەیەک نەدۆزێتەوە زۆر سەختە بتوانێت کاروبارە ئابوورییەکانی خۆی بەڕێوە بەرێت. لەڕاستیشدا ئابووریی کوردی سوودێکی زۆر لە ئابووریی عەرەبی وەردەگرێت و دەکرێت زۆربەی بەربوومە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە بەرەو خوارووی عیراق بڕوات و هەروەهاش ئابووریی عەرەبی سوودێکی زۆر لە ئابووریی ناوچە کوردییەکان وەردەگرێت. لەسەرەتادا گرنگیی ناوچەکە لەوەوە هاتبوو کە نەوتی تێدا بوو و لەڕاستیشدا زۆربەی نەوتی عیراق هی ناوچە کوردییەکان بوو و ئێستاش هیچ گومانێک لەوە نییە کە نەوتی ناوچەکە لە ڕووی چەندێتییەوە هێندەی جاران نییە و بەرهەمی نەوت زۆر کەمتر بووەتەوە..."

پەروین: "بەڵام کوردەکان چییان لە نەوت دەست کەوتووە!"

شاکر: "بەڵام ئێستا ئێمە دەمانەوێت لەسەر بابەتە سەرەکییەکە بەردەوام بین، یانی چۆنیەتیی یارمەتی سوودوەرگرتن و لە یەکتر. ئێستا وا حسێب دەکرێت کە خاکی عیراق، لە ناوچەکەدا بە گشتی، زۆرترین نەوتی دەستلێنەدراوی تێدا بێت. ڕەنگە لە خاکی سعودییەش زیاتر. کەواتە ئەگەر بارودۆخ ئاسایی بێت و عیراقیش بە هۆی نەوتەکەیەوە وڵاتێکی دەوڵەمەندە و دەبێت سەروەت و سامانی وڵاتەکە لە ژیانی گشت هاووڵاتییان، هەر لە باکوورەوە تا باشوور، ڕەنگ بداتەوە و ناوچە کوردییەکەش سوود لەمە وەردەگرێت وەکوو چۆن جارێک لە جاران ناوچەکانی دیکە سوودیان لە نەوتەکەی وەردەگرت. کەواتە یارمەتیدانی ئابووریی یەکتر و ئێستاش کە گرنگترین شت لە دنیای ئەمڕۆدا ئابوورییە لەوەیە بتوانیت چەندین نەتەوەی جیاواز لەنێو یەک دەوڵەتدا کۆ بکاتەوە ئەگەر هەموویان بەرژەوەندییان لەوەدا هەبێت و بە یەک چاو سەیر بکرێن و جیاوازیی لەنێوانیاندا نەکرێت. من لە ئێستا وا لە بارودۆخەکە بیر دەکەمەوە، ئەگەر بارودۆخەکە بۆ کوردەکان لەبار بێت و خۆشیان بتوانن و دوور لە دوژمنایەتیی دەوڵەتانی دراوسێ بڕیار لەسەر پێکهێنانی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان بدەن، کەسێک نییە بتوانێت ڕێیان لێ بگرێت. چونکە ئەمە بۆ خۆی کێشەیەکی ئینسانییە و دەبێت گەلێک خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات."

پەروین: "ئەی کێشەیەکی سیاسیش نییە و..."

شاکر: "بە مانا من مەبەستم لەوەیە ئێستا ئێمە بینیمان هەندێک لە دەوڵەتان جیابوونەوە و کۆماری تایبەت بە خۆیان دروست کرد و ڕەنگە چیکۆسلۆڤاکیا نموونەیەکی باش بێت، سلۆڤاکییەکان بە خواستی سەربەستی خۆیان نەیانوسیت لەگەڵ چیکییەکاندا بمێننەوە، بەڵام دوای جیابوونەوەش لە یەکتر پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەر هەیە و یەک ئابوورییی پێوەست بە یەکترەوەیان هەیە، چونکە ئەوان کە جیابوونەوە بە ئاشتی و دوور لە دوژمنایەتی و شەڕ لە یەکتر جیابوونەوە. منیش لەو باوەڕەدام و کوردەکانیش بۆ خۆیان، ئێستا لە زمانی سەرکردە و ڕابەرەکانیانەوە دەڵێن کە هیچ ڕۆژێک بیریان لە جیابوونەوە نەکردۆتەوە و تا بەر لە چەند هەفتەیەکیش کە گوێم لە گوتارەکانی تاڵەبانی و بارزانی دەگرت هەر هەمان شتیان دەگوتەوە. دەیانگوت ئێمە داوای مافەکانی خۆمان دەکەین و کاتێکیش بندەستی ڕژێمی پێشوو بووین، هیچ مافێکی ڕوون و ئاشکرامان نەبوو."

پەروین: "داوای لێ بووردن دەکەم، لەوەیە ئەمە ڕای حیزبە کوردییەکان بێت و گەلی کورد ڕایەکی دیکەی هەبێت!"

شاکر: "ئەمە بەتەواوی ڕێی تێ دەچێت، بەڵام ئا لێرەدا گرنگترین شت بۆ کوردەکان ئەوەیە کە لە نیشتمانەکەی خۆیاندا سەربەست بژین و بۆ خۆیان کاروبارەکانی خۆیان بگرنە دەست و وا هەست نەکەن کە لە نیشتمانەکەی خۆیاندا وابەستەن. واتا خۆیان حوکمی خۆیان بکەن. بەڵام ئێستا، وەکوو پێشتریش پێم گوتیت، لەم بارودۆخەدا کە دنیا پێیدا تێپەڕ دەبێت و پارسەنگیی هێزەکان تێیدا دەسەڵاتە، لێرەدا کارم بە داهاتوودە نییە و لە داهاتوودا مافی خۆیانە و ئەوان، واتا ئێمە لە کاتێکدا باس لە دەوڵەت و بنەماکانی دەوڵەت دەکەین، ئەوان هەموو ئەو پێداویستی و بنەمایانەی پێکهێنانی دەوڵەتیان هەیە، نیشتمانێکی پێکەوەبەستراو و تەنانەت لێکدابڕانێک لەنێوان بەشە کوردییەکانی سەر بە ئێران و تورکیادا نابینینت و بەدڵنیاییەوە و زۆر ئاشکراشە کە گەلی کورد گەلێکە سەر بە یەک بەرەباب و لە تورک و ئێرانی و عەرەب جیایە و تەنانەت لە ڕووی ئایینیشەوە یەکێتیی ئایینیان هەیە و لە باری زمانیشەوە ئەگەرچی چەندان دەڤۆک و دیالێکتی جیاوازی تێدا هەیە بەڵام زمانێکە دەگەڕێتەوە سەر یەک ئەسڵ و مێژوویشیان کاتێک لە بارەیەوە دەدەوێن یەک مێژووە. کەواتە هەموو بنەماکانی تێدایە و قسە لەسەر ئەوە نییە، بەڵام وەکوو پێشتر پێم گوتیت ئێمە ئێستا لە دنیایەکدا دەژین کە ئەمانە بە تەنیا بەس نین و بەرژەوەندی هەن کە جیاوازی دەخەنە نێو ئینسانەکانەوە و ئابووریش بۆ خۆی ڕێنمایی ژیان دەکات و، بەپێی دیتنی تایبەتی خۆم لە ئێستادا باشترین شت بە نیسبەت کوردەکانەوە حوکمی کۆنفیدراليیە، وەکوو هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوەی کە لە بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی ئەوروپا و دنیادا لە ئەمڕۆدا پێڕەو دەکرێت. ئەڵمانیا هەمان شت پێڕەو دەکات و هەروەها هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش و هەر هەرێمێک بۆ خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە حوکمی خۆی دەکات و هەتا هەر هەرێمە و لە بودجەی گشتیدا بەشداری دەکات و هەر هەرێمەیکیش کە هەژار بێت لەچاو هەرێمە دەوڵەمەندەکاندا بەشداریەکی کەمتر لەو بودجەیەدا دەکات و حکوومەتی ناوەندیش لە بارودۆخی تایبەتدا یارمەتیی هەرێمەکان دەدات و دەبینین لە هەر هەرێمێکدا لە حاکمی هەرێمەکەوە و تا هاووڵاتییەکی ئاسایی لە جۆرە سەربەخۆییەک دەچێت. بێگومان ئەمەش نیزامی دیموکراتیی ڕاستەقینەیە و لە بارودۆخێکی ئاوایشدا هیچ گرف و کێشەیەک نییە و هەتا کوردەکانیش بۆ خۆیان ئەگەر یەکەتر پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەر هەیە و یەک ئابووریی پێوەست بە یەکترەوەیان هەیە، چونکە ئەوان کە جیابوونەوە بە ئاشتی و دوور لە دوژمنایەتی و شەڕ لە یەکتر جیابوونەوە. منیش لەو باوەڕەدام و کوردەکانیش بۆ خۆیان، ئێستا لە زمانی سەرکردە و ڕابەرەکانیانەوە دەڵێن کە هیچ ڕۆژێک بیریان لە جیابوونەوە نەکردۆتەوە و تا بەر لە چەند هەفتەیەکیش کە گوێم لە گوتارەکانی تاڵەبانی و بارزانی دەگرت هەر هەمان شتیان دەگوتەوە. دەیانگوت ئێمە داوای مافەکانی خۆمان دەکەین و کاتێکیش بندەستی ڕژێمی پێشوو بووین، هیچ مافێکی ڕوون و ئاشکرامان نەبوو."

پەروین: "داوای لێ بووردن دەکەم، لەوەیە ئەمە ڕای حیزبە کوردییەکان بێت و گەلی کورد ڕایەکی دیکەی هەبێت!"

شاکر: "ئەمە بەتەواوی ڕێی تێ دەچێت، بەڵام ئا لێرەدا گرنگترین شت بۆ کوردەکان ئەوەیە کە لە نیشتمانەکەی خۆیاندا سەربەست بژین و بۆ خۆیان کاروبارەکانی خۆیان بگرنە دەست و وا هەست نەکەن کە لە نیشتمانەکەی خۆیاندا وابەستەن. واتا خۆیان حوکمی خۆیان بکەن. بەڵام ئێستا، وەکوو پێشتریش پێم گوتیت، لەم بارودۆخەدا کە دنیا پێیدا تێپەڕ دەبێت و پارسەنگیی هێزەکان تێیدا دەسەڵاتە، لێرەدا کارم بە داهاتوودە نییە و لە داهاتوودا مافی خۆیانە و ئەوان، واتا ئێمە لە کاتێکدا باس لە دەوڵەت و بنەماکانی دەوڵەت دەکەین، ئەوان هەموو ئەو پێداویستی و بنەمایانەی پێکهێنانی دەوڵەتیان هەیە، نیشتمانێکی پێکەوەبەستراو و تەنانەت لێکدابڕانێک لەنێوان بەشە کوردییەکانی سەر بە ئێران و تورکیادا نابینینت و بەدڵنیاییەوە و زۆر ئاشکراشە کە گەلی کورد گەلێکە سەر بە یەک بەرەباب و لە تورک و ئێرانی و عەرەب جیایە و تەنانەت لە ڕووی ئایینیشەوە یەکێتیی ئایینیان هەیە و لە باری زمانیشەوە ئەگەرچی چەندان دەڤۆک و دیالێکتی جیاوازی تێدا هەیە بەڵام زمانێکە دەگەڕێتەوە سەر یەک ئەسڵ و مێژوویشیان کاتێک لە بارەیەوە دەدەوێن یەک مێژووە. کەواتە هەموو بنەماکانی تێدایە و قسە لەسەر ئەوە نییە، بەڵام وەکوو پێشتر پێم گوتیت ئێمە ئێستا لە دنیایەکدا دەژین کە ئەمانە بە تەنیا بەس نین و بەرژەوەندی هەن کە جیاوازی دەخەنە نێو ئینسانەکانەوە و ئابووریش بۆ خۆی ڕێنمایی ژیان دەکات و، بەپێی دیتنی تایبەتی خۆم لە ئێستادا باشترین شت بە نیسبەت کوردەکانەوە حوکمی کۆنفیدراليیە، وەکوو هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوەی کە لە بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی ئەوروپا و دنیادا لە ئەمڕۆدا پێڕەو دەکرێت. ئەڵمانیا هەمان شت پێڕەو دەکات و هەروەها هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش و هەر هەرێمێک بۆ خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە حوکمی خۆی دەکات و هەتا هەر هەرێمە و لە بودجەی گشتیدا بەشداری دەکات و هەر هەرێمەیکیش کە هەژار بێت لەچاو هەرێمە دەوڵەمەندەکاندا بەشداریەکی کەمتر لەو بودجەیەدا دەکات و حکوومەتی ناوەندیش لە بارودۆخی تایبەتدا یارمەتیی هەرێمەکان دەدات و دەبینین لە هەر هەرێمێکدا لە حاکمی هەرێمەکەوە و تا هاووڵاتییەکی ئاسایی لە جۆرە سەربەخۆییەک دەچێت. بێگومان ئەمەش نیزامی دیموکراتیی ڕاستەقینەیە و لە بارودۆخێکی ئاوایشدا هیچ گرف و کێشەیەک نییە و هەتا کوردەکانیش بۆ خۆیان ئەگەر

پاشماوەی دۆکتۆر شاکر الخصباک:

کورد تا ئێستاش خۆی سەرۆەری خۆی نییە

بکەونە بارودۆخێکی لەم جۆرەوە چیتر هەست بەو ژیان لێتاڵکردنە ناکەن، بەڵام کاتێک کە دەبینن لە ماڵوحاڵەکەی خۆیاندا دانیشتوون و کەسانێکیان بۆ دەنێرن کە لە خۆیان نین تا کاروبارەکانیان بۆ بەڕێوە بەرن، ئەمە بۆ و لەسەر چ بنگەیەک! و ئەو مامەڵەی کە لەگەڵ کوردەکان لە تورکیا و عیراق و لەوانەیە لە ئێران نەختێک کەمتر دەکرا مامەڵەیەکی زۆر پڕ لە زەبروزەنگ و بەردەوامیش بوو، ئەمانەش بۆ کوردەکان زنجیرە کارەساتێک بوو و هەر لەوەشەوە ئەمە هۆی ئەوەیە کاتێک لەگەڵ کوردەکان دەدوێیت، سروشتییە کە هیچ هەست بەوە ناکەن حەز و ئارەزوویەکیان بەرانبەر بەو دەوڵەتانە یان ئەو گەلانە نییە کە پێوەندن پێیانەوە و، لەمەشدا من بە هیچ جۆرێک لۆمەیان ناکەم، چونکە چۆن کەسێک هەست بە برایەتی بەرانبەر بە نەتەوەکانی دیکە بکات ئەگەر ئەو نەتەوانە لە بەرانبەر ئەو زوڵموزۆرەی لە کوردان کراوە بێدەنگ بووبن. ئەمە هەقی خۆیانە و من هیچ لۆمەیەکیان ناکەم، بەڵام کاتێک من ئەم قسانە دەکەم بەو مانایەی کە مامۆستای جوگرافیای سیاسیم و لە دوور دەڕوانم کە ئاخۆ بنەماکانی دەوڵەت چین و دەوڵەتێک چۆن دەتوانێت بژی و گەشە بکات و ئەمەش دوورە لەو چوارچێوەیەی هەست و سۆزی تێدا دەمێنێتەوە."

پەروین: باشە دۆکتۆر ئەگەر دەکرێت با بۆ سەرەتا بگەڕێینەوە، پەیوەندییت لەگەڵ کورداندا چۆن دەستی پێ کرد و چیرۆکی «ئامینە» چییە؟

شاکر: "لەڕاستیدا زۆرجار ئەم پرسیارەم لێ کراوە. وەکوو پێم گوتیت من وەکوو پرنسیپ دژی زوڵموزۆرم و لەو ڕۆژەوەی دەستم بە نووسین کردووە و هەر زۆر زوویش، لە ١٩٤٤دا کە هێشتا خوێندکاری پلەی ئامادەیی بووم، دەستم بە ئەدەبیات و نووسینی چیرۆک کرد و لەسەر چیرۆکنووسین بەردەوام بووم و سەرلەبەریان لە بارەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و پێویستیی سەرکەوتنی زوڵملێکراوان و پارێزگاریکردن لە ئینسانە سادە و ساکارەکانەوە بوو. ئەمە هەر لە سەرەتاوە و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە ئەدەبیاتی مندا ڕەنگی داوەتەوە و تا ئێستاش دوای تێپەڕبوونی نیو چەرخ هەر بە هەمان ئامانجی ئەدەبییەوە وابەستەم و هەربۆیەش دەبینیت زۆربەی نووسین و ڕۆمانەکانم دژی زۆرداری و داگیرکردن و زوڵموزۆرن. وەکوو لە ڕۆمانی «دیکتاتۆر» و چەندانی دیکەدا بە ئاشکرا دیارە. ئاساییش بوو کە من ئەوسا هەستم بە دواکەوتووی باری ئابووری و ئەو زوڵمە دەکرد کە کوردەکان دووچاری بووبوون، هەربۆیە کاتێک گۆڤاری «الثقافه الجدیده» لە ئاخرئۆخری ١٩٥٣دا دەرچوو داوام لێ کرا کە ببم بە بەرپرسیاری بەشی ئەدەبیاتی ئەو گۆڤارە و بوومە بەرپرسیار و هەر لە یەکەم ژمارەیدا چیرۆکێکم بە ناوی «ئامینە»وە بڵاو کردەوە و ئەو چیرۆکەش ڕەنگدانەوەی ئەو بارەی ئابوورییە بوو کە لە ناوچەکەدا هەبوو و هەروەها باسی ئێش و ئازاری کوردەکان دەکات بە دەست زوڵمووزۆری ژیانەوە بە شێوەیەک کە زۆرجاران کچانی ئەوان بۆ بەغداد دێن و لە ڕێی ئاسایی ژیانیان لا دەدەن، چیرۆکەکە شتێکی لەم بابەتەیە و باسی کچێک دەکات کە لە لای خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر دەبێت بە کارەکەر و سۆزێکی زۆری دەدەنێ و پاشان بۆیان دەردەکەوێت کە یەکێک بوو لەو کچە کوردە لەڕێلادەرانەی کە هاتوونەتە بەغداد و لەوەوبەر لەمە بێئاگا بوون، چیرۆکەکە چیرۆکێکی درێژ و بەرفراوانە و پاشان گۆڤارەکە چەند نامەیەکی پێگەیشت کە ناڕەزاییان بەرانبەر بەو چیرۆکە دەربڕیبوو لەو ڕووەوە کە گوایا تێیدا ناهەقی لە کوردەکان کراوە و هەر ئەمەش منی لەوە ئاگادار کردەوە کە لەڕاستیدا ئێمە هیچ شتێک لەسەر کوردەکان نازانین." **پەروین:** "ئەو کاغەزانە لە کوردەکانەوە هاتبوون یان لە عەرەبەکانەوە!"

شاکر: "لە کوردەکانەوە هاتبوون و لەڕاستیشدا ئەو کاغەزانە سەرنجیان بۆ شتێکی زۆر واقعی ڕاکێشام کە ئێمە ئەوەندە لە بارەی کورد و مێژووی کورد و ئەو بارودۆخەوە نازانین کە تێیدا دەژین، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەوان هاووڵاتی هەمان نیشتمانن و بەشداری تێدا دەکەن، هەربۆیە بڕیارمدا لە یەکەم فرسەتدا بۆم هەڵبکەوێت دەست بە لێکۆڵینەوەی زانستیی کێشە و پرسی کوردەکان بکەم و ئەو فرسەتەشم بۆ هەڵکەوت بە تەواوکردنی خوێندنی دۆکتۆرا لە ئینگلستان و لەڕاستیشدا کاتێک چوومە ئەوێ بۆ تەواوکردنی دۆکتۆرا لە جوگرافیادا پرسی کوردەکانم هەڵبژارد و نیازم وا بوو لە بارەی سەرجەمی ناوچە کوردنشینەکانەوە بنووسم، بەڵام پاشان لە ئینگلستان پێیان وتم کە دەبێت بابەتی دۆکتۆرا بابەتێکی سنووردار و دیاریکراو بێت و دەبێت ناوچەیەک لەو ناوچانە هەڵبژێریت، هەربۆیە وا بیرم کردەوە کە باشترین ناوچەیەک کە نوێنەرایەتیی کوردەکان دەکات ناوچەی سلێمانییە و ئەوێم هەڵبژارد."

پەروین: "لە کوێ خوێندت، لە چ زانکۆیەک؟"

شاکر: "لە زانکۆی ڕەدیک لە بریتانیا و بابەتەکەیش سەبارەت بە جوگرافیای کۆمەڵایەتی بوو، چونکە جوگرافیای کۆمەڵایەتی ڕێی دەدام کە لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگا کوردییەکان بکەم بە هەموو جۆرەکانییەوە و من نەهاتم لێکۆڵینەوەیەکی سروشتی ناوچەکە بکەم، بەڵکوو لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجیم کرد."

پەروین: "باشە، لاوێک، لاوێکی عەرەب، کە تەمەنی لە بیستوپێنج ساڵ تێپەڕی نەکردبوو و ئەوسا ساڵانی پەنجاکان بوو، بۆ دەیویست لە بارەی کوردەکانەوە لێکۆڵینەوە بکات؟"

شاکر: "لەڕاستیدا لە ڕووانگەیەکی ئینسانییەوە، چونکە هەستم دەکرد وەکوو هاووڵاتییەکی عیراقی لە بارەی کوردەکانەوە نازانم و پێویستە لەسەرم بە عەرەبەکانیان بناسێنم، بە عەرەبەکان چونکە ئەوان بۆ خۆیان خۆیان دەناسن و منیش ئەگەر بمەوێت نامەیەکی زانستی لە بارەیانەوە بنووسم بەر لە هەر شتێک ناچارم زۆر لە بارەیانەوە بخوێنمەوە و بەتەواوی لە حاڵوئەحواڵیان ئاگادار بم و کاتێکیش لە بارەیانەوە دەنووسم دەبم بە شارەزایەک لەو بوارەدا و بە زمانی عەرەبیش دەنووسم، چونکە هیچ هۆکارێک نەبوو بۆ کوردەکان بنووسم و دەبوو بە عەرەبی و بۆ عەرەبەکان بنووسم و هەر ئەوەش ڕوویدا و ئەو پلانەی نەخشەم کێشا بوو سەرکەوتنی بە دەست هێنا و ئەو کتێبانەش کە لە بارەی ئەوانەوە نووسیوومن هەمیشە ئاماژەیان بۆ دەکرێت و بە کار دەهێنرێن و سەرجەمیشیان عادیلانە و بابەتییانە بوون و کوردەکانیش لە هەموو ئاستێکدا و سەر بە هەر ڕێبازێک بن لێیان ڕازین و..."

پەروین: "بۆچی بەتایبەت سلێمانی؟"

شاکر: "لەبەر ئەوەی سلێمانی ناوچەرگەی ناوچە کوردییەکەیە، لەبەر ئەوەی کاریگەریی عەرەبی و ناعەرەبی پێوە دیار نییە و وەکوو کەرکووک یان هەولێر هەتا لیوای موسڵ کە ئەوسا دهۆک و ناوچەکانی دەوروبەری دەگرتەوە کاریگەرییان لەسەرە. واتا ئەوێ ناوچەرگەی ڕاستەقینەی ناوچە کوردییەکەیە و دوورە لە کاریگەرییەوە، کەواتە دەتوانم لێکۆڵینەوە لەسەر کوردەکانی ئەوێ و دابونەریتیان بکەم و ناوچەکەش بۆ خۆی دوورە لە هەر کاریگەرییەکی دیکەوە و هەر لەبەر ئەوەش سلێمانیم هەڵبژارد."

پەروین: "ئایا ئاگاداری ڕاوبۆچوونی ئەو خۆرهەڵاتناسانە بوویت کە لە بارەی کوردەوە نووسیبوویان، خۆرهەڵاتناسانی وەکوو..."

شاکر: "بێگومان! لە هەرشتێک کە لە بارەی کوردەکانەوە نووسرابوو، بەتایبەت بە زمانی ئینگلیزی، ئاگادار بووم و هەروەها بە عەرەبیش وەکوو کتێبەکانی ئەمین زەکی بەگ و ئەوانی تر و تەنانەت بە نیسبەت زمانەکانی دیکەشەوە هەمیشە خەڵکانێک هەبوون کە باوەڕم پێیان هەبووە و لەو زمانانەوە لەسەر کورد شتیان بۆ وەرگێڕاوم، هەربۆیە دەتوانم ئەوە ڕابگەیەنم کە هەرچییەک لە بارەی کوردەوە، بەتایبەت بە زمانی ئینگلیزی، هەبوو لێیان ئاگادار بووم."

پەروین: "کوردەکان چۆن مامەڵەیان دەکریت، شێخ ڕەووفی کوڕی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکریت؟"

شاکر: "لەڕاستیدا من لە ساڵی ١٩٦٥دا بۆ ماوەی شەش هەفتە خەریکی لێکۆڵینەوەیەک بووم و ئەگەر بەتایبەت یارمەتیی کوردەکان نەبووایە نەمدەتوانی شتێک بە ئەنجام بگەیەنم، چونکە تۆ بۆ خۆت دەزانیت کە ئەو کاتە ناوچەکە ناوچەیەکی نائاوەدان و بێ ڕێگاوبان بوو و گەیشتن بە گوندە دوورەدەستەکان کارێکی زۆر سەخت بوو. بێجگە لەوەش من لە ئەسڵدا کوردی نازانم و ئەو کارەش سەرکێشییەک بوو بۆ من لە کاتی هەڵسان بەو لێکۆڵینەوە مەیدانییەدا یارمەتی و پشتگیرییەکی زۆرم لە هەموو ڕوویەکەوە لە لایەن برا کوردەکانەوە لێ کرا و بەتایبەت لەو کارەدا خۆم بە قەرزاربارى شێخ ڕەووفی شێخ مەحموودی حەفید، کە یەکێکە لەو کەسایەتییانەی ڕێزێکی تایبەتم بۆی هەیە و مرۆڤێکی تا بڵێیت باشە و بیرەوەریی زۆرمان پێکەوە هەیە. شێخ ڕەووف ئەو کاتە لە سلێمانی دادەنیشت و پارێزەر (محامی) بوو و ئەویش یەکێک لە ئینسانە باشەکان بوو کە دەمناسین و کاتێک لە پرۆژەکەم ئاگادار بوو، یارمەتی و هاوکارییەکی زۆر زۆری کردم و خەڵکانی نزیک بە خۆیان لە جووتیاران و دەستوپێوەندەکانی لەگەڵ دەناردم بۆ گوندەکان و هەر ئەوانیش کاروبارەکانیان بۆ ئاسان دەکردم، چونکە من کە دەگەیشتمە هەر گوندێک کۆمەڵێک پرسیاری ئامادەکراوم لێ دەکرن و لە هەموو ڕوویەکەوە لە باری ژیانی گوندنیشانم دەکۆڵییەوە. ئەها، بێجگە لەوەش کوردە لاوەکان هەر لە بەغداوە نێوناوبانگمیان دەناسی و دەیانزانی من ئەو کاتە نووسەرێکی ناسراو بووم و هەروەها لە ڕاوبۆچوونەکانم، کە پێشکەتووخوازانە بوون، ئاگادار بوون، بە هەموو شێوەیەک یارمەتییان دەدام، لەگەڵمدا دەهاتن و تەرجەمەیان بۆ دەکردم و ئەگەر ئەو پشتگیری و هاوکارییانە نەبوونایە نەمدەتوانی هیچ شتێک بکەم. هەربۆیە من لەم بارەیەوە سوودێکی گەورەم بینی."

ل١٤

"..دەبێت ئەو داهاتەی لە نەوت دەست دەکەوێت بەسەر هەردوو نەتەوەدا بەش بکرێت. خۆ نابێت کوردەکانی لێ بێبەری بکرێت و تەنیا بۆ عەرەبەکان بێت.."